# راگەیاندن سەبارەت بە داخستنی رۆژهەڵات تی.ڤی

## خەڵکی شۆڕشگێری کوردستان!
## ئەندامان و دۆستانی کۆمەڵە!

هەروەک لە راگەیاندنی بەرێوەبەرایەتی رۆژهەڵات تی.ڤیدا هاتوە، شەوی ١٨ی مانگی اوتی ٢٠٠٧ی زائینی، ستدیۆی تەلەڤزیۆنی رۆژهەڵات تی.ڤی لە شاری ستۆکهۆڵم لە وڵاتی سوئید دەکەوێتە بەر پەلامار و دەست درێژی و دزییەکی نائاسائی کەس یان کەسانێک کە دژ بە کۆمەڵە و بزوتنەوەی رزگاریخۆازانەی گەلی کوردن. رۆژهەڵات تی ڤی بە شاهیدی هەموان تەنیا دەنگی کۆمەڵە نەبو، بەڵکو دەنگی تەواوی خەلکی کوردستان بوو، هەربۆیە کۆماری ئیسلامی ئیران لە سەردەمی دەستبەکارکردنی ئەم دەنگە و هەتاکو ئیستاش زۆری هەول و تەقلا کرد بو بێدەنگ کردنی ئەم کاناڵە ئاسمانیە، بەڵام بە هیمەت و لە خۆبردوئی زۆرێک لە هاوریانمان ئەم کارەی سەری نەگرت و ئەم دەنگ و رەنگە دەبو بەمیوانی هەمو ماڵێکی کورد لە کوردستان و لە هەندەرانیش.

ئیمە، ئەندامانی کۆمەڵە لە مەڵبەندی ئامریکای باکوور نارەزایەتی توندی خۆمان سەبارەت بە دزین و تاڵان کردنی کەلوپەلی ستدیۆی رۆژهەڵات تی. ڤی لە لایەن هەر کەسەو تاقمێکەوە بێت دەردەبڕین و هیوادارین هەرچی زوتر روخساری دزێو و دوژمنکارانەی تالان کەران دەرکەوێت و رورەشی و شەرمەساری لە بەرانبەر کۆمەڵە و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەسکەوتیان بێت.

ئیمە داواکارین کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە لێکۆلینەوەی جیدی و بە زووئی لەسەر ئەم کارەساتە بکات و تاوانکاران بە خەڵکی کوردستان بناسرێن.

**شەکاوە بێت ئاڵای کۆمەڵە**

**سەرکەوتو بێت شۆرشی رزگاریخوازانەی گەلی کورد**

2007/8/22

**لە لایەن ئەندامانی کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمتکێشانی کوردستانی ئیران**

**مەڵبەندی ئامریکای باکوور**